زنجیرەی تەلەفزیۆنی

# (دادگایی کردنی سەدامو هاوەڵەکانی)

گۆران فەتحی

ئەوەی جێگای نیگەرانیو دڵ تەنگییە بۆ گەلی عێراق بەگشتیو کورد بەتایبەتی ئەو شێوازەیە کە سەدامو داروودەستەکەی پێ دادگایی دەکرێ لەدادگای باڵای تایبەت، هاولاتیانی عێراق دوای رزگاری بەئاواتی بینیی سەدامو ئەو تاوانبارانەی تری بەعس بوون کە بگیرێنو دادگایی بکرێنو بەسزای گەل بگەن..لەسەر هەموو ئەو تاوانە گەورانەی بەرامبەر بەگەلی عێراقو گەلانی ناوچەکەدا کردیان..ئەوەبوو دواتر سەدام لەکونە مشکێکدا گیراو زیندانی کراو چووە پاڵ باقی تاوانبارەکانی تری دارو دەستەی خۆی.

بەڵام ئەوەی دواتر بینرا لەسەر شاشەکانی تەلەفزیۆنەوە قەت بەو جۆرە نەبوو کە خەڵکی چاوەروانی دەکرد، هەر لەیەکەم دانیشتنی دادگادا کە بەسەرۆکایەتی دادوەری کورد (رزگار محەمەد ئەمین) دەستی پێکرد سەدامو بەرزانو تاونبارەکانی تری بەشداربوو لە کوشتاری دوجەیل زۆر بەتوندیو هەر بەشێوازی جارانیان بەرەنگاریان لەخۆیان کرد، تا ئەو رادەیەی جنێویان بەکار هێن ابەرامبەر ئەو کەسانەی کە لەدوجەیلدا ببوونە قوربانی دەستیانو هەروەها هیچ رێزێکیان بۆ هۆڵی دادگاو بەرێز دداوەر دانەنا..ئەوان بەشێوەیەك کۆنترۆڵی دادگاییکردنەکەیان کرد کە دواتر نارەزایی زۆری نایەوە..ئێستاشا دوای ماوەی بیستو یەك دانیشتنی دادگاو دوای دەست لەکارکێشانەوەی حاکم رزگارو هاتنی حاکم (رەشید رەئووف عەبدولرەحمان) دادگا هیچ بریارێکی نەداوە..بەتاوانبار کردنیان..ئەمە ئەگەر ئەوەش لەبەرچاو بگرین مەسەلەی کوشتاری دوجەیل بەیەکێك لەهەرە تاوانە بچوکەکانی سەدامو رژێمی بەعس دەژمێردرێت بەبەراورد لەگەڵ مەسەلەی ئەنفالکردنی 182 هەزار کوردو سوتماك کردنی خاکی کوردستانو کیمیاباران کردنی هەڵەبجەو چەندین ناوچەی تری کوردستانو هەروەها سەرکوت کردنی راپەرینی ساڵی 1991ی کوردستانو باشووری عێراق.

باشە ئەگەر دادگاییەکردنی سەدامو کاربەدەستانی رژێمەکەی بەم شێوە سستە بەرێوەبچێتو تەنها بۆ دوجەیل تا ئێستا 21 دانیشتن کراوە ئایە بۆ تاوانەکانی تر چەند مانگو چەند ساڵی تری پێ دەچێت..ئەوەی لێرەدا دەیبینین لەزنجیرەیەکی تەلەفزیۆنی دەچێت بەڵام نەك زنجیرەی میسری کە رەنگە بە دە هەڵقە تەواو بێت بەڵکو زنجیرەی تەلەفزیۆنی دۆبلاژکراو کە خۆی لە 100 هەڵقەو زیاتر دەداتو هەر رۆژەی شتێکی تازە روودەدات لە زنجیرە تەلەفزیۆنیەکەداو هەر رۆژەی ئەکتەرێك لادەبرێتو ئەکتەرێکی تر دەخرێتە جێیو منداڵیان دەبێتو منداڵەکان گەورە دەبنو دەمرن..ئەترسم ئێمەش تا کۆتایی بە دادگایەکە دێت منداڵەکانمان گەورەبنو سەدام هەروەکو خۆی بمێنێتەوە هەروەکو چۆن کاتێ لەسەر حوکم بوو قەت لەو بڕوایەدا نەبووین رۆژێك دادێتو ئەو رژێمە دەڕوخێت..لەکۆتایدا بەهیواین دوا زنجیرەی تەلەفزیۆنی دادگایی کردنی سەدامو هاوەڵەکانی ببینینو کۆتایی ئەو تاونبارە بەچاو ببینین.